www.kurdistannet.org
15-11-2005 12:31 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کۆمیسۆنی بالای هەلبژاردنی ئیراقی فیدرال سەربەخۆ نی یە!...شێرزاد دۆلەمێری

کۆماری عێراقی فیدرال یەکەمین وولاتی رۆژ هەلاتی ناوە راستە کە لە ماوەی سالیکدا سی یەمین جارە هەلبژاردنی تیدەکریت کە ئومیدی مرۆڤی ئازادی خوازوو دیموکراتی خوازە کە ئەم وولاتە بە رە و وولاتیکی دیموکراتی یەکگرتویەکیی ئارە زووەمەندانە بروات، ئەویش تەنیا لە ریگای سندوقی دەنگدانەوە جی بە جی دەبیت.
کۆمیسۆنی بالای هەلبژاردن لەژیر پەردەی بی لایەنی یەوە کەبنکەی سەرەکی لەعومانی پایتەختی ئۆردە ن وبە ئاشکراتەنگ وچەلەمە وئاستەنگ دەخاتە پیش هاوولاتی یان بۆ ئەوەی نەتوانن دەنگ بدەن بەتایبەتی هاوولاتی یە کوردستانی یەکانی دە رەوەی وولات.
مەبەستیش تەنیا ئەوەیە بۆ یەوەی ریژەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کەم بیت لە پەرلەمانی عیراق.
لەیەکەمین هەلبژاردندا کەمن یەکیک بووم لەوانەی کەلەکۆرسی فیرکردنی بەریوە بردنی هەلبژاردن کە بەیارمەتی ریکخراوی سەربەخۆی پەنابەران لە دەرەوە پیک هات لە ئۆردە ن بەشداریم کردو دوای گەرانەوە مان بۆ سوید چەند کۆرسیکمان بۆ هاوولاتی یان کردە وە و پرۆسیسەکە بەسەرکەوتوانە بەریوە چوو، بەلام ئەوەی راستی بی کۆمیسیۆنی بە ناو سەربەخۆی هەلبژاردن هیچ ئاسان کاری پیویستی بۆ نەکرد، تەنیا ئاستەنگیان دە خستە پیش هاوولاتی یان بۆ ئەوەی نەتوانن دەنگ بدەن.بۆ نموونە هەر لە یەکەم رۆژی بەشداربونمان لە کۆرسدا گووتیان ئەوەی دەکومینتی عیراقی نە بیت بۆی نی یە دەنگ بدات!
بەلام ئیمە کە چەند کوردیک بووین هەلویستمان وەرگرتوو لەگەل ریکخراوی پەنابەران وقسەمان کرد پیمان گووتن ئەگەر ئەم بریارە جی بەجی ببیت، خەلکیکی زۆر ناتوانیت دەنگ بدوات بە تایبە تی کوردە فەیلی یەکان کە دەکومینتی عێراقی یان نی یە.
ئەوە بوو ئەوانیش داوایان لە کۆمیسیۆنی بالا کردوو بریارەکە گۆرا.وە هەروەها ماددەی خویندنیش کەبریا روابوو بەهەر سی زمانی ئینگلزی، کوردی، عەرە بی بیت، بەلام تەنیا بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی مادەی خویندن هاتوو، بە زمانی کوردی زۆر درانگتر بەدەست گەیشت کە ئەویش وەگیرانیکی زۆر بێ سەروبەربوو.
لەم هەلبژاردنە دا کە بەسەرپەرشتی بالویزخانەکانی عیراقی فیدرال دەکریت، کۆمیسیۆنی سەربەخۆی بالای هەلبژاردن هەر لە ئیستاوە ئاستەنگی خستۆتە پیش هاوولاتی یان بۆ ئەوەی بێ بەش بن لەدەگدان لەو ئاستە نگانەش:
_کۆمیسیۆنی بالای هە لبژاردن بریاری داوە کە وا دەنگدان بکریت لەرۆژانی سی شەم وچوارشەم وپینجشەم کە دەکاتە 13و14و 15دیسیمبەر لە کات ژمیر7.00-16.00 کەلەم کاتەدا خەلکی ئەوروپا هەمووی ئیش دەکات و چۆن ئەتوانن بین دەنگ بدەن؟ من ئەم بریارە بە بریاریکی سیاسی دادەنیم و کۆمیسیۆنی بەناو سەربە خۆی ئەم بریارەی داوە بۆ ئەوەی کوردە پەنابەرەکانی ئە وروپا نەتوانن دەنگ بدەن.
_چەند رۆژ لەمەوبەر ئەم پرسیارە لە سیمیناریکدا لە بالویزی عیراق بەریز د.ئەحمەد بامەرنی کرا، گووتی من داوام کردووە لە کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆ کەوا کە کاتی

هەلبژاردن بکریتە 10- 15دیسێمبەر، یان شەموو یەکشەمی تید ابیت، بەلام وولام دراوە تەوە، کە گووایا کات نەماوە کە فۆرمەکان بگۆرین.
_کەچی هەموومان دەزانین کە ئستا فۆرم گۆرین لەم تیکنیکە پیشکەوتووە دا هیچ زەحمەت نی یە تەنیا ائەگەر بەهانە بیت.
_ووتەبیژی بیژی کۆمیسیۆنی بالای هەلبژاردنەکان بەرێز فەرید ئەیار دەلیت لەبەنەوونی کات و چەند کاریکی تیکنیکی تەنیا لە15وولاتی دەرەوە هەلبژاردن دەکریت، لەراستی دا ئەمە هیچ هۆیەک نی یە کەس باوە ر بەم جۆرە روونکردنەوە ناکات.
کۆمیسیۆنی بالای هەلبژاردن لەهەلبژاردنی رابردوو تاکوو ئیستا 11مانگی لەپیش بوو، بۆ چی ئیستا کات و کاری تیکنیکی دەکاتە هینجەت؟
_کۆمیسیۆنی بالای هەلبژاردن بریاری داوە کە 19بنکە لەسوریاو16بنکە لەئران و12بنکە لەئۆردەن بکاتەوە، کە چی لە هەندی وولاتی ئەوروپی وەکو سوید کە نزیکەی 60000 عیراقی و کوردستانی تیدا هەیە تەنیا 3بنکەی تیدابکریتەوە بۆچی؟ یاخود لەنەرویج وفینلەند هەر هیچ بنکەی لیَ نەبێت بۆ چی؟
لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوە من کۆمیسیۆنی بالای هەلبژاردن بەسەر بەخۆ دانانییم و هیوادارم کەوا سەرکردایەتی کوردستان وگەلی کوردستان هەلوێست بەرامبەریان وە رگرێت.